# شوێنەكان



پەسار فایق

Pasar_pna@yahoo.com

**«پارك»**

من و تۆ تەنیا

خوداش لەگەڵ ئێمە

جوانترین درەختی ئەم پاركە تۆی

خۆت پاركێكی لە ناو ئەم پاركە،

منی داماوی حەزەكانم

ناتوانم دەستكاری سنووری ئەم پاركە بكەم

خودا لە نزیكەوە سەیرمان دەكات

تۆ لە ناو پاركێكدا

منیش لە ناو دووان.

**«بازار»**

ئێوارەیەكی گەرم

زۆر كەس لە دەرەوەن

ئەوانەی دەرەوە

ژمارەیان زۆر زۆرە

کەس هەست بەکەس ناکات،

ئەمانە گرنگێیەک ناخانە بەر چاوم

گرنگ تۆ لە بازاڕی،

تۆ ... فریشتەیەک لە ناو ئەو جەنجاڵیە.

## ((شەقام))

تا ئەمڕۆش

جوانترین شەقامی ئەم مەملەکەتە،

شەقامێکە ژێر پێی تۆی ماچ کردووە

شەقامێکە وەک من بۆ ماچی تۆ دەگریەت

من بۆ ماچی دەستت

ئەو بۆ ماچی پێت

هەموو جارێک سەردانی دەکەم

من و ئەو بێ ماچی تۆ،

ئەو شوێنانە ماچ دەکەم

کە رۆژگارێک پێت ماچی کردونە

شەقامیش بە ماچەکانی من ئاڵۆزتر دەبێت

## ((دڵم))

بەردەوام مێوانی لێرە

زۆر نزیکی لێم

زۆر دووری لێم

کامیانە؟

نازانم!!!

## ((تەنیای))

خۆم لەوێ دەژیم

ئەو ئارامترم دەکات

بێ دەنگترم دەکات

مەستم دەکات

زۆر بە هێمنی پێم دەڵێت:

ئەو دوورە

تۆ هەرگیز بەو ناگەی

بەدوای کەسێکدا بگەڕێ لێت نزیک بێ،

ئەوکات دەتوانی منیش بکوژی!

## ((خەیاڵ))

من و تۆ

دوو هاوڕێی بەردەوامی ئەوین

لەوێوە پیاسەی حەزەکانمان دەستپێدەکات

یەکتر ماچ دەکەین

زیاتر بۆنی یەک دەکەین،

بەیەک ناگەین

چەند جوانە خەیاڵ.